# گفتوگۆی ڕۆژنامەی ئاوێنە

# لەگەڵ بورهان یاسین

---

## بورهان یاسین: لە یەکخستنەوەی گۆڕانی کوردستات و گۆڕانی گردی زەرگەتەدا سەرکەوتوو نەبوم

٧ی شوباتی ٢٠٢٥

---

**ئاوێنە:** کۆپیەکی ئەو نامەیەمان دەست کەوتووە کە ئێوە لە ٢٧ی ١٢ی ٢٠٢٤ بۆ هەردوو بەشەکەی گۆڕانتان ناردوەو کە بەپێی نامەکە کۆتایی بە نێوەندگیری لە نێوان هەر دوو ئاراستەکەی گۆڕان دەهێنن، دەمانەوێ بزانین ئایا چۆن بوو گەیشتنە ئەو بڕیارە؟

**بورهان یاسین:** سەرەتا پێویستە بڵێم:

١/ هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بین بزووتنەوەی گۆڕان یەکبخرێتەوە و یەکبگرێتەوە هەر بەردەوامی ئەو پرۆژەیە بوو کە نزیکەی پێنج ساڵ بەر ئێستا و دواتر کە مێک زیاتر لە دوو ساڵ بەر لە ئێستا و ئەم جارەشیان هەوڵمان بۆدا بە ناوی "**پرۆژەی سارێژکردنی زامەکان**"، لەسەر باوەڕی ئەوەی کە جەستەی کورد پڕیەتی لە زام وە لە بری ڕاکردن لێیان و جێهێشتنیان لە دوای خۆمان، باشتر و گونجاوتر ئەوەیە کە بە ئیرادە و پێداگرییەوە هەوڵی سارێژکردنیان بدەین. بەندە ساڵانێکە گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە گۆڕانخوازە نارازییەکان لە بری ئەوەی بیر لە سەرپێخستنی پرۆژەیەکی سیاسی نوێ بکەنەوە وا باشترە بە جیددی و دڵسۆزانە هەوڵی سارێژکردنی زامی ئەو زامدارە بکەن کە گۆڕانە، چونکە بەو کەرستە کۆمەڵایەتییەی لەبەر دەستە دەکرێ پرۆژی سیاسی نوێش، بە ئاسانی، ببێتەوە بە زامێکی نوێ، چونکە کەرستە کۆمەڵایەتییەکە هەڵگری مۆکەڵێک ڕەگەز و هۆکاری کەوتنەوەی زامە؛

٢/ هەر وەک لە کۆتایی نامەکەمدا جەخت کراوەتەوە، ئەگەرچی لە هەوڵەکانماندا بە تەواوەتی سەرکەوتو نەبووین، بەڵام توانیمان هەرنەبێ هەندێ هەنگاوی گرنگ لە ئاراستەی دروستدا بهاوێژین. گرنگترینی ئەو هەنگاوانەش قەبوڵکردنی هەردوو ئاراستە بوو کە لەگەڵ یەکتردا دابنیشن، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی رادەیەک متمانە بە یەکتر و قەبوڵکردنی رادەیەک لە شەرعیەتی بوونی یەکتر بوو. لە لایەکی ترەوە، پێویستە بە رێزێکی زۆرەوە سوپاسگوزاری ئەو متمانە جوانە بین کە لە لایەن هەردوو ئاراستەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لە مەکۆی کوردسات و مەکۆی گردی زەرگەتە پێمان بەخشرا. هەرگیز بەبێ متمانەیەکی ئەوها رۆڵی ئێمە وەک "ئاسانکار و نێوەندگیر" فەراهەم نەدەبوو؛

٣/ دەرفەتە هەر لێرەشەوە سوپاسی هەردوو بەڕێزان کاک هەڤاڵ کوێستانی و کاک ئاکۆ وەهبی بکەم کە ئەوان لە رووی کردارییەوە یارمەتیدەر بوون لە رووی رێکخستن و راپەڕاندنی گفتوگۆ و کۆبوونەوە مەیدانییەکان لە نێوان نوێنەرانی هەردوو ئاراستە. . . بە هەر حاڵ ئەم کاری هاوبەشە بێ ئاڵنگاری و گرفتیش نەبوو، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی خۆم نەمتوانی سەفەری کوردستان بکەم بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە گفتوگۆ و دیدارەکاندا بەشداری بکەم؛

٤/ پێویستە ئەوەش بڵێم کە لە هەردوو هەوڵەکەی پێشووترم وە لە هەوڵی هەرە دواییشمدا بۆ رێکخستنەوەی ناو ماڵی گۆڕان، مافی "دادوەریم" بەخۆم نەداوە، ئەمەش بۆ هەردوو ئاراستەکەی بزووتنەوەی گۆڕان روونکراوەتەوە، تا بشکرێ خۆم لە قەزاوەت و دادوەری ئەپارێزم! بەڵام لە هەمان کاتیشدا خەڵک لە فەزای گشتیدا، بە تایبەتی گۆڕانخوازان لە هەردوو ئاراستەکە و تەنانەت گۆڕانخوازە نارازییەکانیش، مافی خۆیانە تا بکرێت زانیاریان دەربارەی پرۆسەی "ئاشتەواییەکە" دەست بکەوێت!

دەربارەی پرسیاری بەڕێزتان، لە راستیدا، هەر وەک لە سەرەتای نامەکەدا روونکراوەتەوە، ئێمە هەر لە سەرەتاوە کە دەستمان بە هەوڵەکانمان کرد هەر زوو **لە ژێر فشاری کەمی کاتدا بووین.** هەر لەبەر ئەوەش، هەر لە سەرەتاوە، لە پەیوەندی لەگەڵ هەردوو ئاراستەکە، بە راشکاوی پێداگریم لەسەر ئەوە کرد کە "بەڕێزان ئەو کاتەی لەبەر دەستمانە بە ساڵ و مانگ، تەنانەت بە هەفتەش، نییە بەڵکو بە رۆژ و سەعاتە". چونکە لە راستیدا دەکرا، تەنانەت لە هەر خولەکێکیشدا، هەر یەکێ لە دوو ئارستەکە هەنگاوێکی ئەوتۆ بهاوێژێ کە ئیتر ببێتە هۆی شکستهێنانی هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئاراستەکە. دەبێ، زۆر بە تایبەتی، ئەوە جەخت بکەمەوە کە هەوڵەکانی ئاراستەی کوردسات بۆ بەستنی کۆنفرانس (کە زۆر دواتر زانیم کە ئەو کۆنفرانسە بڕیار بووە لە ٢ی ئەم مانگەدا ببەسترێ، فشاری لەسەرمان زۆر زیاتر کرد، بە تایبەتی پەیوەندیدار بە کەمی کاتەوە. جگە لەمەش هەردوو ئاراستەکە بە گرتینەوە لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، وەک دەربڕی ململانێیەکی توند لەسەر وەرگرتنی رەوایی (شەرعییەت) لەو کۆمیسیۆنە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە، لە راستیدا، بەندە ئاگاداری بەشێکی کەمی وردەکارییەکانی

ئەو هەولانە بووم. لێرەدا، گرنگە ئەوەش بڵێین کە ناکرێ تۆ هاوتەریب لە هەوڵی ئاشتەواییدا بیت بەڵام لە هەمان کاتدا بە گڕوتینی زیاترەوە لە هەوڵی بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانیدا بیت، جگە لەوەش هەردوو ئاراستەکە لە بەرامبەر یەکتردا هەموو جۆرە "کارتێک" بەکار بهێنن بۆ ئەوەی هەر یەکەیان تەواوی شەرعیەت لای خۆی بێت و بەمەش کۆتایی بە ئاراستەکەی دیکە بهێنێت یا هەر نەبێ ئاراستەکەی تر ناچار بە سازش بکات، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت! لە راستیدا زۆرێک لەو هەنگاوانەی کە دەهاوێژران، بە تایبەتی هەوڵدانی ئاراستەی کوردسات، بۆ بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانی لە زووترین کاتدا، بە هەر حاڵ بەر لە ١٥ی ئاداری ٢٠٢٥، دژی بەندی پێنجەم (لە بەشی یەکەمی، واتە بەشی کورتخایەنی) ئەو پرۆژەی ئاشتەواییە بوو کە بەندە لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ پێشکەشی بە هەردوو ئاراستەکەی گۆڕان کرد وە بووە بنەما بۆ گفتوگۆکان. لەو بەندەدا بە راشکاوی هاتووە: "هەردوولا هیچ هەنگاوێک ناهاوێژن و هیچ بەیاننامەیەک بڵاوناکەنەوە کە ببێتە بارگرژی و فراوانبوونی ئەو درزەی کە لە هەفتە و رۆژانی دواییدا لە ریزەکانی بزووتنەوەکە کەوتۆتەوە". لە راستیدا هەر لە سەرەتای پرۆسەی ئاشتەواییەکەدا هەردوولا پابەندبوونی خۆیان بەو بەشەی پرۆژەکە (واتە قۆناغی کورتخایەن) راگەیاند، ئەگەرچی رادەیەک لە "ناڕونی" لە هەڵوێستی ئاراستەی کوردستادا بەدیدەکرا.
تکایە بۆ تەواوی پرۆژەکە بڕوانە پرۆژەکە: "**تراجیدیای بزووتنەوەی گۆڕان: هەموان پێویستییان بە ئیستەیەکی جیددی و بە پەلە هەیە**". https://burhanyassin.com/Tracidyay%20Gorran.pdf

**ئاوێنە:** هەر لەنامەکەتدا گلەیی لە گۆڕانی کوردسات دەکەی کە کشانەوەیان لە حکومەت نەبووە بە کردار و بە بڕیارێکی «تیۆری و روکەش» لەقەڵەمی دەدەیت. پێتوایە زیانی ئەو بڕیارە روکەشانە زیاترە لە دەسکاری نەکردنی دۆخی گۆڕان لە حکومەت؟

**بورهان یاسین:** بەڵێ وایە، ئەم مەسەلەیە لە نامەکەدا بە روون و راشکاوی، بەڵام بە کورتی و بە چڕی، ئاماژەی پێدراوە. بەڵێ، **دەستکارینەکردنی بوونی گۆڕان لە حکومەت زۆر باشتر بوو لەو شێوازە ناسەرکەوتووە لە دەستکاریکردن**؛ تا بڵێی بڕیارەکە ناکارامە بوو و لە جێی خۆیدا نەبوو! ئەم هەنگاوە، وەک بڕیارێکی سیاسی تەنانەت کاریسە بوو، چونکە هەر لە ساڵی ٢٠١٩ دوای شەش مانگ لە ناو حکومەتدا مەسەلەی بەردەوام بوون یا نەبوون لە حکومەتدا، لە ناو ریزەکانی گۆڕاندا، سەریهەڵدا. کەواتە بڕیارەکە لە دوای زیاتر لە پێنج ساڵ لە کێشمەکێشی "بوون یا نەبوون لە حکومەتدا" وەرگیرا. . . لە لایەکی ترەوە دەبوو لە نامەکەدا ئاماژە بەوەش بدەم کە هەڵسوکەوتی بەڕێزان لە گردی زەرگەتە لەمەسەلەی کشانەوە لە حکومەت زۆر باشتر نەبوو لە شێوازی مامەڵەی ئاراستەکەی کوردسات، لە مەسەلەی کشانەوە لە حکومەت، چونکە ئاشکرایە کە ئەو ئاراستەیە، لەسەر زاری بەڕێز دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوە، ئەوە بوو کە ئەوان لە حکومەت ناکشێنەوە، بە بەهانەی ئەوەی کە بڕیارەکە لە لایەن جڤاتی نیشتمانییەوە

نەدرابوو! بەڵام لە راستیدا ئاراستەی گردی زەرگەتە دەرفەتێکی زێڕینیان هەبوو کە بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر کاردانەوەکەیان ئاراستە بکەن، کاردانەوەیەک کە **ئەیتوانی لە خزمەتی لە یەکتر نزیکبوونەوە و کەمکردنەوەی رادەی بارگژیدا بێت**. دەکرا ئاراستەی گردەکە یا ئەوەتا بڵێ: ١- ئەگەرچی بڕیاری کشانەوە لە حکومەت بە لەیەکگەشتن لە نێوان هەموو "هاوڕێکاندا" (واتە بە هاوبەشی لە نێوان هەردوو ئاراستەکەدا) نەدراوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا، وەک نیەت پاکی و هەنگاوێک بۆ لە یەکتر نزیکبوونەوە، بەو بڕیارەوە پابەند دەبین؛ یا ٢- بڕیاری کشانەوە لە حکومەت "تاکلایەنە" دراوە وە ئێمە چاوەڕوانین لە داهاتوودا ئەم بڕیارە لە نێوان "هەموو هاوڕێیاندا" (واتە لە لایەن گۆڕانێکی یەکبوو و یەکگرتووەوە) بدرێ و بەرجەستە بکرێت!

**ئاوێنە:** لەکۆتایی نامەکەتدا رەخنە لەگۆڕانی گردەکە و کوڕەکانی کاک نەوشیروان مستەفاش دەگری و باسی یەکلاکردنەوەی پرسی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمپانیای وشە و بزوتنەوەی گۆڕان دەکەی، ئایا دەکرێ هەندێک زیاتر رۆشنایی بخەیتە سەر ئەو پرسە؟

**بورهان یاسین:** لە راستیدا بە دەقیقی بەم شێوەیە نییە، یا هەرنەبێ ئەمە شێوازی تێگەیشتنی خۆتانە لە نامەکە. ئەوەی کە لەم بارەیەوە گرنگە ئەوەیە کە:

١/ لە نامەکەمدا، بە روونی و بە گرنگییەوە، جەخت لەسەر گەوهەریبوونی سێگۆشەی **-گۆڕان، نەوشیروان مستەفا، گردی زەرگەتە-** کراوەتەوە، سێگۆشەیەک کە پرپەتی لە رەمزییەت **(سیمبۆلیزم)**، رەمزییەتێک کە یەکجار گرنگ بووە و گرنگە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان. با روونتر بڵێم، ئەگەر هەر حزبێک لە حزبەکانی تری کوردستان بارەگای سەرەکی خۆی لە هەر جێگایەک بگوازێتەوە بۆ جێگایەکی دیکە ئەوەندە کاریگەری لەسەر حزبەکە نابێت، بەڵام لە حاڵەتی گۆڕاندا وانییە. ئەو رەمزییەتەی کە ئاماژەی پێدرا، کە لە سێگۆشەکەدا خۆی دەبینێتەوە، یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی شوناسی بزووتنەوەی گۆڕان، هەروەها دەکرێت هێنانە خوارەوەی مەکۆی "سەرەکی" گۆڕان بە تەواوەتی لە گردی زەرگەتە، لە رووی رەمزییەوە بە واتای "جێهێشتنی نەوشیروان مستەفا" بێت و دەستبەرداربوون بێت لێی، یا هەرنەبێ لە زیهنی خەڵکدا ئەو تەفسیر و تێگەیشتنەی بۆ بکرێ، ئەمەش مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ و هەستیارە!؛

٢/ ناکرێ هاتنەخوارەوەی بەشێک یا ئاراستەیەک لە بزووتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتە، تەنها و تەنها بە رووداوی داخستنی دەرگای سەرەکی گردی زەرگەتەوە پەیوەست بکرێ. ئەگەرچی رووداوی داخستنی ئەو دەرگا سەرەکییە بە رووی بەڕێز عومەر سەید عەلی و هاوڕێکانیدا رۆڵێکی گرنگی بووبێ لەو هاتنە خوارەوەیە، بەڵام لە راستیدا ئەم "هاتنەخوارەوەیە"، لە بنەڕەتدا پەیوەندیدارە بەو کێشە چارەسەرنەکراوانەی کە هەر لە زووەوە، **لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕان لە لایەک وە کۆمپانیای وشە لە لایەکی ترەوە**، هەبوون. لە راستیدا زۆر زووتر، بەر لە داخستنی ئەو دەرگایە، بە تایبەتی ئاراستەیەک لە ناو ناڕازییەکان هەبوو کە ئەیخواست بزووتنەوەی گۆڕان **لە گردەکە جیابکرێتەوە و بهێنرێتە خوارەوە**. واتە، هاتنە خوارەوە و

گیرسانەوە لە باڵەخانەی کوردسات وە کردنی ئەو باڵەخانەیە بە مەکۆ، **ئاوێتە بوونی دوو فاکتەر بوو لە دۆخ و چرکە ساتێکی یەکلاکەرەوەدا، فاکتەرێکیان نوێ، بەڵام ئەوەی تریان کۆن!؛**

٣/ دید و بڕوای بڕاوبڕی بەندە (لە هەرسێ هەوڵەکاندا، پێنج ساڵ بەر لە ئێستا و دوو ساڵ بەر لە ئێستا بۆ هەستانەوە گۆڕان وە ئەمەی ئەم جارەشیان بۆ یەکخستنەوەی بزووتنەوەکە) بەردەوام ئەوە بووە کە بەبێ چارەسەری کێشە و تەنگەژەی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمپانیای وشە، **هەرگیز مانەوەی ئەو بزووتنەوەیە لە گردی زەرگەتە ئاسان و بێ گرفت نابێت.** لە ڕاستیدا، دەتوانین بڵێین کە تەنانەت بەر لە کۆچی دوایی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفاش ڕادەیەک لە ناڕونی و، تەنانەت ڕادەیەک لە "بارگرژی"، لەو پەیوەدنییەدا هەبوو. بەڵام بە کۆچی دوایی ئەو، بە تایبەتی شێوازی گواستنەوەی بەرپرسیاریی و خاوەندارییەتی کۆمپانیا و مولک و بەرژەوەندییە مادییەکان بۆ کورەکانی کۆچکردوو، کێشەکە زەقتر و چڕتر بوویەوە. لە ئاکامدا و لە ماوەی نزیکەی هەشت ساڵی ڕابردووشدا، بزووتنەوەی گۆڕان و  ناو و پێگەی "**مەعنەوی**" ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا **باجێکی قورسی ئەم حاڵەتەیان داوە.** لە پرۆژەی بەندەدا (لە بەشی یا قۆناغی "درێژخایەن"ی پرۆژەکەدا) بە ڕوونی هاتووە کە "ئەگەر واریسانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا پێیان وایە باشترین بژاردە ئەوەیە کە گۆڕان بە تەواوەتی لە گردی زەرگەتە بچێتە خوارەوە ئەوا پێویستە خواستێکی ئەوها بە ڕوونی و ڕاشکاوی هەم بە بزوتنەوەی گوڕان و هەمیش بە فەزا و بە پانتایی گشتی بگات: دوا جار **چیتر پەیوەندی کۆمپانیای وشە و بزوتنەوەی گۆڕان دواخستن هەڵناگرێ و ئەو پەیوەندییە پێویستی بە چوار چێوە و فۆڕمێکی رون و توکمە هەیە، جا چ بە مانەوەی گۆڕان بێت لە گردی زەرگەتە وە چ بە هتانە خوارەوەی بزووتنەوەکە بە تەواوەتی لەو گردە!**" هەروەها لە هەمان بەشی پرۆژەکەدا، واتە لە بەشی (قۆناغی) درێژخایەندا، هاتووە کە "لە بارەی گردی زەرگەتە و هەندێ جێماوی ماددی دیکە، پێشتر زۆر پێشنیار کراون، وەک "وەقف"، "وەرەقەی قانوونی" یا "پەیمانی شەرەف". دواخستنی چارەسەرکردنی ئەم پرسە، دوای نزیکەی هەشت ساڵ لە دواخستن، **چیتر دواخستن هەڵناگرێت!**" (بڕوانە دەقی پرۆژەکە لە لینکی ئاماژەپێدراو لە سەرەوە). واتە یەکێک لە پێشمەرجە هەرە گرنگەکانی بە دروست و تەندروست ڕاگرتنی سێگۆشەی -**گۆڕان، نەوشیروان مستەفا و گردی زەرگەتە**- ئەوەیە کە پێویستە بە وردەکارییەکی زۆر و لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، **پەیوەندییەکانی گۆڕان و کۆمپانیای وشە**، پێناسە بکرێن و لە چوارچێوە (لە قاڵب) بدرێن، چوارچێوەیەک کە تیایدا بە ڕوون و ڕاشکاوی **پابەندییەکان، مافەکان و ئەرکەکانی هەردوو لا**، واتە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمپانیای وشە، دەستنیشان بکرێن. دەیڵێمەوە: ئەم پرسە گەوهەری و گرنگە چیتر دواخستن هەڵناگرێ: دواخستنی بڕیاردان لەسەر چوارچێوەیەکی ڕوون و سەقامگیر بۆ پەیوەندییەکانی گۆڕان و کۆمپانیای وشە بە زیانی گۆڕان و ناو و پێگەی مەعنەوی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا تەواو دەبێت، هەر وەک تا ئێستا ڕوویداوە! دەکرێ ئەم هەموو زیانەش (وەک شێوازی خوێنبەربوون و نەزیفێکی بەردەوام) بە تایبەتی هەڕەشەیەکی جیدی بێت لەسەر پێگەی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا لە کۆی پانتایی مێژوو و لە ئێستا و داهاتووشدا!

له بەرامبەردا، چارەسەرکردنی کێشەی پەیوەندییەکانی گۆڕان و کۆمپانیای وشە: ١- لە سودی گۆڕانە، چونکە ئەو هەموو خوێنبەربوونەی، بزووتنەوەکە و پانتایی هەرە فراوانی چاکسازیخوازی و عەدالەتخوازی و گۆڕانخوازی، رادەگرێت؛ ٢- لە سودی کۆمپانیای وشەیە؛ ٣- چارەسەرەکە بۆ واریسانی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا زۆر بە باشی دەگەڕێتەوە: پێویستە ئەوان شتێک "ببەخشن" بۆ ئەوەی هەمووان ئاشتەواییەکی سەقامگیر و بەهرەدار بەدەست بهێنن؛ ٤- بە تایبەتی، چارەسەرێکی ئەوها، بۆ پارێزراوی پێگەی مەعنەوی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا باشە، چونکە زۆرێک لە گومان و نیشانە پرسیارە زیانبەخش و بێزارکارەکان دەڕەوێنێتەوە، گومانگەلێک کە هەر لە دوای کۆچی دوایی ئەو سەرکردەیە سەریان هەڵدا و لە بەردەوامیشدا زیانێکی گەورەیان بە پێگە مەعنەوییەکەی ئەو سەرکردەیە گەیاند!

**ئاوێنە:** ئایا گەڕانەوەی گۆڕان بۆ شاڕێگەی دروستی خۆی چۆن دەکرێ؟

**بورهان یاسین:** لە راستیدا، دەبێ ببوورن، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەر وا ئاسان نییە. پێویستە ئەم پرسیارە یەکێک بێت لە بابەتە هەرە سەرکی و گەوهەرییەکانی کۆنفرانسی داهاتووی بزووتنەوەی گۆڕان، بە مەرجێک ئەو کۆنفرانسە هی کۆکردنەوەی هەمووان بێت هەر لە "ئاراستەی مەکۆی کوردستات" و "ئاراستەی گردی زەرگەتە" تا دەگاتە **لەشکرێک لە گۆڕانخوازانی ناڕازی**، کە بە هۆیەک یا هۆکارێکی دیکە لە بزووتنەوەکە دوور کەوتوونەتەوە و خۆیان بە تەواوەتی لە دەرەوەی ئەو دوو ئاراستەیە دەبینەوە. بە هەر حاڵ، دەکرێ، لە بابەتی گەڕانەوەی گۆڕان بۆ شاڕێگەی خۆی، بە کورتی ئاماژە بە دوو خاڵ بدەین:

١/ وەک لە وەڵامی پێشتردا وترا، گەڕانەوەی سێگۆشەی **-گۆڕان، نەوشیروان مستەفا و گردی زەرگەتە-** بۆ دۆخی دروست و تەندروستی خۆی، پێش مەرجێکی یەکجار گرنگە بۆ هەر هەستانەوەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان. ئەمەش بە پابەندبوون بە ئیرسی سیاسی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا و دەستور و بنەما فیکرییە رەسەنەکانی پرۆژەی گۆڕان و چارەسەرکردنی براوبڕ و توکمە و هەمەرەهەندی پەیوەندییە کێشەدارەکانی گۆڕان و کۆمپانیای وشە دەکرێ. بە بۆچوونی خۆم تەنانەت ئەگەر بەشەکەی کوردساتی گۆڕانیش بگەڕێتەوە گردی زەرگەتە ئەوا دیسان ئەو سێگۆشەیە ناتوانێ بێ گرفت و بە دڵنیاییبوونێکی تەواوەوە خۆی راگرێ و لەسەر پێی خۆی بوەستێ، چونکە بەردەوام هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی لەسەر دەبێت، ئەگەر بێت و کێشەکانی نێوان گۆڕان کۆمپانیای وشە بە شێوەیەکی بنبڕ و شەفاف چارەسەر نەکرابن!؛

٢/ یەکێک لە گرنگترین شتەکان، بۆ ئەوەی گۆڕان هەستێتەوە و بکەوێتەوە سەر شاڕێگای رەسەنی خۆی، ئەوەیە کە **ببێتەوە بە بزووتنەوە "جیاوازەکەی" جاران.** کاتێکیش دەڵێین **بزووتنەوەی جیاواز**، واتای ئەوەی کە بە شێوەیەکی ریشەیی جیاواز لە، هەر نەبێ، هەردوو هێزە سیاسییە سەرەکیەکەی دەسەڵات، واتە یەکێتی و پارتی. راستییەکەی ئەوەیە کە دوای دوو جار لە بەشداریکردنێکی "بێکاریگەریی" یا هەرنەبێ "کەم کاریگەری و عەیبدار" لە حکومەتی هەرێمی

کوردستاندا، گۆڕان "جیاوازییەکانی" خۆی، واتە خاڵی هەرە بەهێزی خۆی لەدەستداوە: ئەمڕۆ بە زۆر واتاوە و زۆر جار خەڵک بە ئاسانی دەڵێ "ئاخر گۆڕانیش وەک پارتی و یەکێتی". ئەمە سەرنج و دەرەنجامێکی کەمەر شکێنە بۆ گۆڕان، کە خەڵک پێی گەیشتووە. پێویستیشە، لە هەمان کاتدا، بڵێین کە گەڕانەوەی گۆڕان بۆ پێگەی "بزووتنەوەیەکی جیاواز" کارێکی هەر ئەوها ئاسان نییە؛ ئەمە کار و خەبات و نەفەس درێژییەکی زۆری پێویستە!

تێبینی: بۆ دەستکەوتنی وێنەیەکی "کامڵ" و گشتگیر دەربارەی هەوڵەکانمان جارێکی دیکە جەخت لەسەر گرنگی تەواوی پرۆژەکە دەکەینەوە کە لەم پێگەیەدا بەردەستە:
https://burhanyassin.com/Tracidyay%20Gorran.pdf

سوپاستان ئەکەم، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە

________________________________________

<u>لە خوارەوە</u>: نامەکەی بورهان یاسین کە ئاراستەی مەکۆی گۆڕانی کوردسات و مەکۆی گردی زەرگەتەی کردووەو تیایدا کۆتاییهاتن بە هەوڵەکانی بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان رادەگەیەنێت

**- بەڕێزان نوێنەرانی مەکۆی کوردساتی بزوتنەوەی گۆڕان، کاک کاوە عەبدولاّ و کاک شاخەوان ڕەئوف بەگ**
**- بەڕێزان نوێنەرانی مەکۆی گردی زەرگەتەی بزوتنەوەی گۆڕان، کاک محەمەد حاجی عومەر و کاک عەبدولاّ چۆمانی**
**- بەڕێزان کاک هەڤاڵ کوێستانی و کاک ئاکۆ وەهبی**

بەڕێزان، لێرەوە ڕایدەگەیێنم کە لە ئەمڕۆوە (٢٧-١٢-٢٠٢٤) کۆتایی بە هەموو هەوڵەکانم ئەهێنم کە مەبەست لێیان کۆتاییهێنان بوو بە دوو ئاراستەیی ناو بزوتنەوەی گۆڕان و دواجار یەکخستنەوەی ڕیزەکانی ئەو بزوتنەوەیە.

ئەو کاتەی لەبەر دەستە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی یەکخستنەوەی بزوتنەوەی گۆڕان یەکجار کەمە و بەشی ئەوە ناکات کە تیایدا یەکخستنەوەیەکی **گشتگیر و فرەڕەهەند** فەراهەمبکرێ. لە دۆخێکدا کە کات کەمە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەڕێزان لە "مەکۆی کوردسات" بە چڕی و یەکلایەنە هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا کۆنفرانسی نیشتمانی گۆڕان ببەستن. جگە لەوەش بارودۆخ و پێشمەرجەکانی ئەو یەکخستنەوەیە، زۆر بە گشتی، بە هیچ شێوەیەک لەبار نین.

لە ڕاستیدا ئەگەر لە باشترین حاڵەتیشدا، بارودۆخ و پێشمەرجەکانیش لەبار بن و یەکخستنەوەکە فەراهەمیش ببێت، ئەوا دیسان هێماکانی سیاسەت و ئاراستە و شێوازەکانی کارکردنی ماوەی چەند مانگی ڕابردوی بزوتنەوەکە، وە تا ئێستاش، هیچ خۆشبینییەک نادەنە دەستەوە کە **گۆڕان بتوانێ هەستێتەوە و بکەوێتە سەر شاڕێگای دروستی خۆی**. هەر بۆ نموونە بڕیاری کشانەوەی "تیوریانە و ڕوکەش" لە حکومەت، بەڵام "بە کردار" مانەوە لەو حکومەتەدا وەک ئەوەی هیچ بڕیارێکی لەو شێوەیە نەدرابێ، کێشەیەکی جیددی و گەورەیە و هەر زوو گران لەسەر بزوتنەوەی گۆڕان کەوتووە. تەنانەت، گرنگتریش لەوە، لە داهاتوشدا وەک نەنگییەکی سیاسی جیددی لەسەر تۆماری سیاسی بزوتنەوەکە دەمێنێتەوە و **باجی قورسی ئەم نەنگییەش دەدات.**

یەکێک لە ڕەهەندەکانی تراجیدیای گۆڕان ئەوەیە کە لە چوار مانگی ڕابردودا سێگۆشەی پڕ لە **ڕەمزییەت (سیمبۆلیزم)ی -گۆڕان، نەوشیروان مستەفا و گردی زەرگەتە-** زۆر بە خەراپی کەوتووە. ئەگەر ئەم سێگۆشەیەش نەگەڕێتەوە دۆخی جاران، ئەوا هەستانەوەی گۆڕان و پاراستنی پێگە و ناوی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا فەراهەم نابێت. ئەم خاڵەش پێشتر بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارکانی پرۆسەکە بە ڕاشکاوی ڕوونکراوەتەوە. لە هەمووشی خەراپتر ئەوەیە کە گێڕانەوەی ئەم سێ گۆشەیە بۆ **دۆخی توکمەیی جاران**، وەک بەشێکی گرنگ لە یەکگرتنەوە و ڕێکخستنەوەی دوو ئاراستەکە، **لەبەر زۆر هۆ**، زۆر ئەستەمە، تەنانەت ناشکرێ.

بەڕێزان، بە تەواوەتی هاتومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنانەت ئەگەر ئەو یەکخستنەوەیەش سەربگرێ، ئەوا **هیچ زەمانەتێک نییە جارێکی دیکە گۆڕان بکەوێتەوە سەر شاڕێگە ڕاست و دروستەکەی خۆی!** نامەوێ، نە ڕاستەوخۆ وە نە ناڕاستەوخۆ، بەرپرس بم لە شتێک کە لەوە زیاتر کاریگەریم بەسەریەوە نەبێت!

**دەرەنجام: باشترین بژاردە بۆ بەندە ئەوەیە کە بە تەواوەتی لە هەوڵەکانی ئێستامان بۆ هەستانەوە، ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی گۆڕان بکشێمەوە.** دواجار، مۆڕاڵی سیاسی و پرەنسیپە نیشتمانییەکانم و پاراستنیان لە پێش و سەرووی هەموو ڕەچاوکردن (ئیعتبار)ێکی ترەوەن.

سوپاسی بێپایانم بۆ متمانەی پڕ بەهاتان؛ ئەم متمانەیە، لای بەندە، تا ئەبەد ڕێز لێگیراو و پارێزراوە!

سەرکەوتو بن
براتان، بە ڕێزێکی زۆرەوە
بورهان أ. یاسین
سوید، ٢٠٢٤/١٢/٢٧